سەرۆك وەزیران بانگهێشتنامەیەکی فەرمی وەردەگرێت بۆ سەردانی کردنی تونس

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە پێشوازی کرد لە وەزیری کاروباری دەرەوە و کۆچی تونسییەکان لە دەرەوە نەبیل عەمار و شاندەکەی یاوەری.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران بڵاویکردەوە لە سەرەتای دیدارەکەدا، نەبیل عەمار سڵاوی سەرۆکی تونس قەیس سەعید و سەرۆک وەزیرانی تونس ئەحمەد حەشانی گەیاندە سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەگەڵ بانگهێشتنامەیەکی فەرمیدا بۆ سەردانی کردنی تونس.

سەرۆک وەزیران پێشوازی لە سەردانەکەی وەزیرەکەی تونس کرد کە نوێنەرایەتی دەستپێکی چالاککردنی دەسپێ هاوبەشکانی نێوان هەردوو وڵات دەکات و پیرۆزبایی لە 17هەمین خولی لیژنەی هاوبەشی عێراق و تونس کرد کە بە ماوەی سێ ڕۆژی بەردەوام لە بەغدای پایتەخت بەڕێوەدەچێت و تیایدا 18 یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو وڵاتدا واژە دەکرێت و جەختی لە پێشوازیکردنی عێراق لە کەمپانیاکانی تونس کردەوە بە کارکردن لە بوارە جیاجیاکان و ئاماژەی بە گرنگی پتەوکردنی پێوەندییەکان کرد لە ئاوگەی بازرگانی و پەروەردە و گەشتیاریدا.

هەر لە دیدارەکەدا باس لە هەوەستی بنچینەیی عێراق و تونس کرا سەبارەت بەوەی کە لە خاکە داگیرکراوەکانی فەلەستین ڕووەدات، سەرەکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی لەوە کردەوە هەرچەندە هەوەستی عەرەبی یەکگرتووتر و بەهێزتر بێت ئەو لە مەینەتییەکانی فەلەستینییەکان کەم دەکاتەوە، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە هەوەستی نێودەوەڵەتی ڕوون بێت بەرانبەر بە ئیدانەکردنی تاوانەکانی جینەسایدکردنی هاوڵاتیانی مەدەنی کە لە غەززە ڕووەدات و کارکردن بە کێتایی هێنان بەو شەڕە خوێناوییەی کە ماوەی حەوت مانگە بەردەوامە.

لە لای خۆیەوە،ئەبیل عەمار پێزانینی وڵاتەکەی بە هەوەستەکانی عێراق بەرانبەر تونس لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا دەربڕی و جەختی لە خواستی حکومەتەکەی کردەوە بە فراوانکردنی ئاسۆی هاوکاری نێوان هەردوو وڵاتی برا لە هەموو بوارەکاندا.